زانكۆی سەلاحەددین–هەولێر
كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی
بەشی باخچەی منداڵان
قۆناغی یەكەم

# دەرونزانی فسیۆلۆژی

# PHYSIOLOGICAL PSYCHOLOGY

٢٠٢٢-٢٠٢٣



# پێشەکی

دەرونزانی وەکو هەر زانستێك لە زانستەکان بوارێکی بەر فراوانی هەیە، و لە چەند بواری جۆراو جۆر پێکهاتووە، ئەم بورانەش دابەش دەکرێن بۆ دوو بەش ئەوانیش :

١- بواری تیۆری / زانایان لەم بوارەدا ئامانجیان بەدەستهێنانی زانیاری و دۆزینەوەی یاسا و پەرنسیپەکانی ڕەفتارن .

٢-بواری پراکتیکی/ زانایان لەم بوارەدا ئامانجیان جێبەجێکردنی یاسا و تیۆرەکانە لە بوارە جیاوازەکانی ژیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی تاك .

دەرونزانی کۆمەلێك لقی لێکەوتەوە یەکێك لە لقە گرنگەکانی دەرونزانی فسیۆلوژییە .



# دەروونزانی فسیۆلۆژی
# PHYSIOLOGICAL PSYCHOLOGY

- **پێناسەی بە شێوەی زمانەوانی :**
- **لە دوو بەش پێك هاتووە (فسیۆ ) ( physio) واتا پێکهاتەکانی جەستەی مرۆڤ.**
- **(LOGY)(لۆژی)  واتا زانست.**

**واتا دەروونزانی زانستی جەستە و پێکهاتەی لەشی  مرۆڤ .**

# دەرونزانی فسیۆلۆژی گرنگی دەدات بە:

١. توێژینەوەی بنەما و لایەنی فسیۆلۆژی رەوشتی مرۆڤ، کە لە کۆئەندامی دەماری ناوەند و پێکهاتە و بەشەکانی و فەرمانەکانی.

٢. چۆنیەتی روودانی پرۆسەی هەست کردن و شێوەی گواستنەوەی تەزووی دەماری لە دەمارەکاندا دەکۆڵێتەوە.

٣. دەرهاویشتنی گلاندەکان چین و چەند جۆر گلاند هەن و کارو فەرمانەکانیان چییە و کاریگەرییان لەسەر رەوشت و بیرکردنەوە و گەشەکردنی تاك چین.

٤. لێکۆڵینەوە لەسەر بنەمای فسیۆلۆژی پاڵنەر و سەرجەم دیاردە دەروونییەکانی تر دەکات.

- **پێناسەی دەروونزانی فسیۆلۆژی :**

- **بە ئینگلیزی پێی دەوترێت (physiological psychology)** ئەو زانستەیە کە گرنگی دەدات بەو پەیوەندیەی کە لە نێوان (ڕەفتاری مرۆڤەکان و ئۆرگانەکانی ناوەوەی) ی مرۆڤ ڕوو دەدەن .هەروەها گرنگی دەدات بە بەدواداچون بۆ ئەو کاریگەرییە دەروونیانەی کە پەیوەستن بە کەسایەتی تاکەکان و بەستنەوەیان بە دیاردە زیندووەکان و دیاردە فسیۆلۆژیەکانی سیستەمی دەمار بە تایبەتی (مێشك ) .



# پێناسەی لە رووی دەرونزانییەوە

- ئەو جۆرە دەرونزانییە کە گرنگی دەدات بە لێکۆڵینەوەی لاوازی عەقڵی و کێشە رەفتارییەکان و هۆکارەکانی شڵەژان و تێکچوونی دەروونی و عەقڵی و رەفتاری و دیاریکردنی هۆکارە کاریگەرێکانیان بە ئامانجی دانانی چارەسەری گونجاو و بە سوود بۆیان .

# بوارەکانی دەرونزانی فسیۆلۆژی تیۆری

دەرونزانی فسیۆلۆژی گرنگی دەدات بەم بوارانەی خوارەوە :

١- **بواری لێکۆلینەوە لە تایبەت مەندییە فسیۆلۆژێکان کە لەگەڵ وروژێنەرە دەرەکێکان دەردەکەون -**


وەك ئەو گۆڕانکاریانەی کە ڕوو دەدەن لە لێدانی دلّ: کاتێك ڕووبە ڕووی کۆمەلێك کرداری عەقڵی دەبێتەوە یان ئەو گۆڕانکاریانەی کە ڕوو دەدەن لە پەستانی خوێن کاتێك ڕوو بەڕووی کۆمەلە هەلۆیستێکی هەڵچوونی دەبێتەوە .

٢- بواری لێکۆڵینەوە لەسەر **ڕێرەوە دەمارییەکان** کە لە ڕێگای ئاگادارکەروە **دەرەکییەکان** وەردەگیرێت.

٣- **ئاراستەی پراکتیکی**: لێرەدا ئەم جۆرە دەرونزانییە بواری ئەنجامەکانی ئەو توێژینەوانەی کە کراوە لە بواری دەرونزانی فسیۆلوجی لە ڕێگەی پراکتیکەوە جێ بەجێ کرد . وەك :

بەکار هێنانی ئامێری درۆکردن و ئامێری لەرلەری دەماغ (مێشك) و تاقیکردنەوە دەروونییەکان .








lie
truth
reset

# ئامانجەكانی دەروونزانی فسیۆلۆژی

**١- گەران بە دوای هۆكارەكان :**

**دەروناسە بەناوبانگە فسیولۆژێكان زۆر جار گرنگیان داوە بە چەمكەكانی دەمارخانە و ڕەفتارە جۆراو جۆرەكان كە چۆن مێشك و سیستەمی دەمار كاریگەریان هەیە لەسەر زۆر پرۆسە و كرداری مرۆیەكان وەك رەفتار ، بیرگە (الذاكرة ) ، درك پێكردنی عەقڵی وگەشەی كەسایەتی .**

**٢- بە ئامانج كردنی گرفتە سەرەكییەكان :**

**دەروونزانی فسیۆلۆژی بەشێوەیكی تایبەت جەخت دەكەنە سەر كە چۆن نەخۆشیەكانی مێشك كاریگەریان هەیە لەسەر ڕەفتار و بیركردنەوە و هەست و سۆز، چونكە توێژینەوەكان یارمەتیدەرن بۆ باشترکردنی چارەسەرەكان بۆ چەند نەخۆشیەك لە نەخۆشیەكانی مێشك وەك نەخۆشی (لەبیرچونەوە ) (زەهایمەر )**

## ٣- باشترکردنی تەندروستی :

دەرونزانی فسیۆلۆژی لقێکی گرنگی توێژینەوەی دەروناسیە و کلیلێکە بۆ پێشکەوتنی دەروونی تیشك دەخاتە سەر کاریگەری دەرمانکەکان لەسەر جەستە و مێشك و هەڵسوکەوتی مرۆڤ ، بۆ نموونە لەوانەیە لێکۆلینەوەکان لەسەر سوود و کاریگەریە لاوەکیەکانی دەرمانێکی نویٚ ئەنجام بدرێت بۆ کۆنترولکردنی شیزۆفرینیا یان خەمۆکی .

## ٤-کۆنترۆل کردن و بەدواداچوون :

ئامانجی کۆنترۆل کردن و بەدواداچوون لە دەروونزانی فسیۆلۆژی ئەو پلانە پرۆفشینالانەیە کە لەلایەن دەروناسانەوە پەرەی پێدراوە و دەبێت لە رێگەی ئەو کەسانەوە کە لەم بوارەدان پەیرو بکرێن ، هەر بۆیە بەدواداچوون گرنگە بۆ لەناو بردنی زۆر ڕەفتاری نەرێنی و نەخۆشی دەماری .

## ٥-چارەسەری گونجاو :

دەرونزانی فسیۆلۆژی لە هەولی ئەوەدایە کە چەندین رێگا بۆ هەر نەخۆشیێك بۆ چارەسەر کردنیان بۆ ئەوەی یارمەتی دەروناسان و پزیشکان بکات بۆ پێشکەشکردنی هاوکاری و چارەسەری گونجاو بۆ هەر نەخۆشیەکی تایبەت .